
# دادگا بە چەند ساڵ (رەحمان)ی حوکم دا؟



ئا: باوکی میدیا

## حوکمی دادگا

(رەحمان) کە لە نێو ڕاڕەوی بەندیخانەکەدا بانگیان کرد، گورج لە هۆڵەکە ڕاپەڕی و چووە دەرەوە و بەدەم بانگێشتەکە چوو، بەخۆی دەیزانی چ ڕۆژێکە دوایین دادگایی کردنییەتی، لەبەر هەندێ ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی هەر زوو لەخەو هەڵسا، ردێنی خۆی جوان تاشی و سمێڵی خۆی چا کرد، (ئەمین)ی برادەری پێی گوت: کاك(رەحمان) خۆزگەم بەخۆت، بەخوا دڵت قایم و ورەشت بەرزە، پەککو لەو ئازایەتییەت کوڕە تەماشاکە، وا دەزانێ بۆ سەیرانێ یا داخوازی دەچێ. هاوڕێییەکانی بەو قسانەی (ئەمین) کە بەشیرین کەلام و قسە خۆشی نێو کۆڵان ناسرابوو، بزەیان هاتێ و پتر هانی (رەحمان) یان دا و ورەیان دایێ.(عەزیز)ی هاوڕێی، کە ئەویش هەر لە چاوەڕوانی دوا بڕیاری دادگادا بوو، هەڵیدایێ و گوتی: کاکە(رەحمان) مادام خۆت لەسەر هەق دەزانی لە هیچ مەترسە. ڕووبەڕوو قسەی خۆت لە دادگا و لە پێش حاکم بکە و هیچ مەشڵەژێ، بە خودای قسمەتت چی بێ ئەوەیە،(رەحمان) پێڵاوەکانی لە پێی کرد و یەکە یەکەی برادەرە هاوبەندییەکانی، ئەوانەی زۆر لێی نزیك بوون ماچ کرد و ناوی خوای هێنا و چووە دەرەوە.(عیسا)ی بەرپرسی قاوشەکەیان، دەستی (رەحمان)ی گرت و لایەکی کەلەپچەکەی لە دەستی خۆی و لایەکەی تریشی لەدەستی (رەحمان)کرد و لە دەرگەی ڕاڕەوەکە چوونە دەرەوە. (رەحمان) و چەند بەندییەکی دیکە ئەو ڕۆژی دەبوایە لەبەردەم دادگای تاوان ئامادە بکرێن، چەند بەندییەکیان لە پەنایەکی حەوشە گەورەکەی پشت قاوشەکان ڕاگرتبوو، ڕێپێدراوێکی پۆلیس و چەند پۆلیسێکی بەندیخانەیان بەخۆوە و بەچەکەوە لە دیار ڕاگرتبوون، کە هەموو ئامادەکران، سواری ئۆتۆمبێلیان کردن و بە دوو سێ ئۆتۆمبێلی بەندیخانە، بەرەو دادگا بەڕێکەوتن، دوای نیو کاتژمێرێك گەیشتنە دادگا و لە شوێنێکی تایبەتی بە پاسەوانییەکی زۆرەوە ڕاگیران و پاسەوانیان بە دیارەوە دانان، تاوەکو یەکە یەکە، نۆرەیان دەهات و هەر کەسە و بەپێی جۆری کێشەکەی. کاتژمێر گەیشتە نێزیکی (یانزە)ی پێش نیوەڕۆ، بانگی (رەحمان) کرا، پاش ئەوەی ڕێککارە پێویستییەکان وەرگیران، ئینجا

نۆرەی قســـەکردنی (رەحمان)هات. دادوەر پرسیاری لێکرد کە ئایا ئەو ژنەکەی خۆی کوشـــتووە، دان بەوە دادەنـــێ کە ژنەکەی خۆی کوشـــتووە،(رەحمان) بێ بیرکردنەوە لە پرســـیارەکە و سەرەنجامی وەڵامەکەی، بێ ســـێ و دوو گوتی: بەڵێ کوشتوومە، پێشـــتر گوتوومـــە و ئێســـتاش دووپاتی دەکەمەوە، دادگا لە چۆنییەتی کوشتنەکە و هۆیییەکەی پرســـی، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی دایەوە و گوتی:

پێکـــەوەم دیتن، لەگەڵ یـــەك بوون، نە گومانم هەبوو لێیان نە شـــتێکی وەهاش هەبوو کە ســـەرنجم دابێت شتەکە لە ناکاو بوو، ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ئەوەبوو کە ئەو رەفتارە لە ژنەکەم ببینم و لە کابرایەکیش کە من دەستی یارمەتیم بۆی درێژ کرد و خۆی و خێزانەکەیـــم لای خۆم حەواندەوە، کەچی خیانەتی لێکردم و دەســـتی بۆ ناموســـم برد، کوشتن چییە جەنابی دادوەر!؟ بەخودا ئەگەر ویژانم رێگەی پێدابام خراپتریشـــم دەکرد. چیدیی کە درێـــژەی پێنادەم، ئەوە پەراوەکەتـــان لە پێشـــەکە چەنـــد قەبە و ئەستووریشـــە، ئەوە بە خۆتـــان دەزانن کە چ روویـــداوە، بۆ ش رووبداوە، ئیدی منیش قسەی خۆم کرد و بە خۆشتان دەزانن چۆن و بەچی حوکمم دەدەن، ... پاش تەواوبوونی قســـەکانی و تۆمارکردنیان، ئینجا دادگا کۆبوونەوەی نهێنی خۆی کرد و دوای نیو کاتژمێر گەیشـــتنە بڕیاری خۆیان، ئینجا هەموو لایەنەکانی کێشـــەکە بانگی هۆڵی دادگا کرانـــەوە و ئاگادار کرانەوە کە کەس قسە نەکات و ئامادەی گوێ گرتن بن کە دادگا بڕیاری خۆی دەخوێنێتەوە. سەرۆکی دادگا لـــە کاغەزێکـــی گـــەورەدا کە بە خۆیان حوکمەکەیان نووسیبێوە، بڕیارەکەی خوێندەوە کە بۆ ماوەی پێنچ ســـاڵ و سێ مانگان حوکمی زیندانی بۆ رەحمان بڕیەوە لەبەر ئەوەی هەڵساوە بە کوشتنی ژنەکەی خۆی، لەسەر ناپاکی.

### کوشتنی ژنەکەی

(رەحمان) کە لەبەردەم دادگا راوەستابوو، گوێی لـــە وردەکارییەکانی حوکمی دادگا دەگرت، ئارەقەیەکی تەنك لەسەر نێوچەوانی نیشـــتبوو، دڵی تۆزێك خێراتر لێیدەدا، لێی یەقین بوو کە حوکم دەدرێ، بەڵام چاوەڕێی نەدەکـــرد ئەوەندە زۆر بـــێ، لە دڵی خۆی دوو هەتا سێ ســـاڵی زیاتر دانەنابوو، کە حوکمەکەی بۆ خوێندرایەوە لە دڵی خۆیدا شـــەهادەیەکی بە هەقی هێنا، سەیرێکی دادوەری کرد و بە بزەیەکی ئاســـائامێزەوە، چاوی تێبڕی و گوتی، گەورەم رێگەم بدە یەك قسە بکەم، ئەویش گوتی بڵێ (رەحمان) گوتی: مـــن ژنم خیانەتی لـــە ئابروو و ناموسم کرد، کەچی تۆش بە پێنج ساڵ و ئەوەندە، من حوکم دەکەی..؟ ئەگەر تۆ لە جێگەی من بایت چیت دەکرد..؟

دادوەرەکە وەڵامـــی نەدایەوە، بە تیلەی چـــاو ئاماژەیەکـــی بۆ ئەفســـەرەکە کرد کە ببیـــات، کەلەپچەیان لە دەســـتی کرد و ســـواری ئۆتۆمبێلیان کردەوە، لەســـەر کورسییەك دانیشـــت و ئۆتۆمبێلی زیندان لێیخوڕی بۆ بەندیخانەی بردەوە.

(رەحمان) کەوتە نـــاو خەیاڵ و تەواوی رووداوی کوشـــتنەکەی وەکو فیلم هاتەوە یاد، ئەو بەیانییە درەنگ چووە ســـەر کار، بـــەڵام، جزدانەکەی لە بیر کـــرد، وەختێك گەیشـــتە گەراج و بەرێکەوت دەستی بۆ گیرفانی برد بۆ ئەوەی کرێی پاســـەکە لە دەست بگرێ و ئامادەی بکات، پێش ئەوەی سوار بێت لە گیرفانی نەبوو، گیرفانەکەی تریـــش گەڕا هەر نەبـــوو، چی گیرفانی هەبوو هەمووی گەڕا جزدانەکەی چنگ نەکەوت، زانی لە بیری کردووە، ناچار لۆژ لۆژ بەرەو ماڵـــەوە گەڕایەوە، بەڵام هەموو شـــتێکی لە بیرکردبایە دەمانچەکەی قەت لەبیر نەدەکرد.

هـــۆی هەڵگرتنـــی دەمانچەکەشـــی ئـــەو دوژمنداریـــیە بوو کـــە ئامۆزاکانی تێیکەوتبوون، هـــەر چەندە (رەحمان) هیچ پەیوەندییەکی بـــەو دوژمنداریییەوە نەبوو، بەڵام لەبەر ئـــەوەی دوژمنی ئامۆزاکانی گوتووبوویـــان گەر برا و دایك باوك و مام و ئامۆزاشـــیان بەردەست بکەوێت یان بیان بینن دەیانکوژن، ئەو دەمانچەیەشی هەر بۆ بەرگری کردن لەخۆی هەڵگرتبوو.

(رەحمـــان) نێزیکی ماڵێ بۆوە، خەیاڵی هەر لای مێـــزی تەلەفزیۆنەکە، یان لەبن دۆشەکەکە بوو..؟!

گەیشتە بەر دەرگاکە دیتی پێوە دراوە لە دەرگای نەدا، خۆی خوار کردەوە و شیشی دەرگاکەی بڵندکرد و کردیەوە، چووە ژوورەوە رێك بۆ ژووری نوستن، چووە لای مێزی تەوالێتەکـــە ، دیتی وا لەســـەر مێزەکەیە هەڵیگرتوو لە بەرکی خۆی نا، لە ژوورەکە هاتە دەرەوە لەگەڵ یەکەم شـــەقاوی هاتنە دەرەوەی گوێی لە سرتە سرت و دەنگێکی ســـەیر بوو، کەوتە مەراق و دڵی خورپەی کرد، گوێی هەڵخســـت و باشـــتر هەستی خۆی راگرت و چـــاوی بە ملا و بەولادا گێڕا و دەیویست سەرچاوەی دەنگە کە بزانێ هەتا گوێی خۆی بۆ ئەولا ســـووك بکات، دەنگەکەی پێ ئاشنابوو، دەتگوت خاوەنی ئەو دەنگە دەناســـێت، چووە ژێر پەیژەکە و ســـەری تۆزێك بەرزکردەوە،(رەحمان) ئەو خانووەکـــەی کە تێیدابـــوو هی خۆی بوو، خانوویەکی دوو ســـەد مەتری دوو نهۆمی بوو، بەڵام خانووە کراوە و رۆژهەڵاتیانە بوو، نهۆمی ســـەرەوەی دابووە(غەریب)ی کوڕە پلکی دایکی، (غەریب) شـــەوێك هاتبووە لای (رەحمان) و پێی گوتبوو، کە ماوەیەکە بێ ئیشـــە و کرێی خانـــووش گرانە و ئەو ئیمکانییەتـــەی نییە کرێـــی خانوو بدات، ئەگەر نهۆمی ســـەرەوەی بداتێ خۆی و خێزانی تێیدا دەبن و کرێیەکی وەهاشـــیان لێبســـتێنێ کە پێیان بدرێت هەتا کارێکی دەست دەکەوێت، ئەوسا کرێیەکەی بۆ زیاد دەکات. ئەگەریـــش ویســـتی بۆی چۆڵ دەکات و مەمنووشـــی دەبێ.(رەحمان) کە ئەو قســـانەی لە (غەریـــب) گوێ لێبوو، زۆری ســـووێ لێبۆوە کە لـــەو بارودۆخە دژوارە دایە، پێی گوت:

برام خـــۆ دنیا کاول نەبـــووە، بەخۆت و خێزانت وەرنە لای ئێمە و نهۆمی ســـەرەوە بگرە و خۆتی تێدا ســـتر بکە و هیچیشـــم لێت نـــاوێ. پاش دوو رۆژ(غەریب) ماڵی هێنایـــە خانووەکـــەی (رەحمـــان) و چووە نهۆمی سەرەوە.

(رەحمان) هەروا هەستی خۆی راگرتبوو لە پڕ گوێی لە تریقـــەی پێکەنینێك بوو، دوای چەند ســـاتێك دووبـــارە بۆوە، خۆی نزمتر کردو و باشـــتر خزییە بن پەیژەکە بە جۆرێك لە دەنگەکـــە، نزیکتر بێتەوە. وردە وردە بەسەر پەیژەکە کەوت، دەنگەکە باشتر دەهاتە بەر گوێی، ناسییەوە. دەنگەکە هی ژنەکـــەی بوو، بەڵام زۆری ســـەیر پێهات کە دەنگی پیاوێکیـــش جار جارە، تێکەڵی دەنگی دەبوو، بەســـەرکەوت، گەیشتە ئەو ئاســـتەی ژوورەکەی بە تـــەواوی لێدیار بوو. دیمەنێکی دیت کـــە ناچێتە عەقڵی راســـت بێت،(غەریب) و ژنەکەی (رەحمان) بەرووتـــی پێکـــەوەن و وەکـــو دوو ماری عاشقو مەعشوق لێك ئاڵاون! خودایە کەس نەیبینێ! پەیژەیەکی دیکەش چووە سەرێ، هەموو شتێکی بەروونی و بەرووتی بینی،

هۆی هەڵگرتنی دەمانچەکە، ئەو دوژمندارییە بوو کە ئامۆزاکانی تێیکەوتبوون، ئەگینا(رەحمان) هیچ پەیوەندییەکی بەو دوژمنداریییەوە نەبوو

پاش تەواوبوونی قسەکانی و تۆمارکردنیان، ئینجا دادگا کۆبوونەوەی نهێنی خۆی کرد و دوای نیو کاتژمێر گەیشتنە بڕیاری خۆیان

دەمانچەکەی لەبەر باغەڵی دەرهێنا و پەیژەیەکی دیکەش بەسەرکەوت ئینجا شریقەی لێوەهێنا، سواری کرد، لەگەڵ دەنگی سوارکردنەکەی (غەریب) ئاوڕی دواوەی دایەوە، چاوی بە(رەحمان) کەوت بێ ئەوەی بۆ یەك ساتیش خۆی مەحتەل بکات، وەك بروسکە دەستی دایە، شەرواڵەکەی، کە فرێیدا بوو، تێی تەقاند و لە ژوورەکە دەرچوو، بە چەند شەقاوێك خۆی فرێدایە سەربانی ماڵە هاوسێیەکەیان.(رەحمان) یەدەگێکی تەواوی گوللەی تێگرت، بەڵام هیچی پێنەکەوت،گەڕایەوە ژوورەکە و تەماشایەکی ژنەکەی کرد. نە ئەو قسەی کرد نە ژنەکەشی. رووی دەمانچەکەی لە ژنەکەی گرت و ددانەکانیشی دەقرچاند، ژنەکە بە چاوان ئاماژەی دەکرد کە نەیکوژێ و پاڕایەوە,(رەحمان) لەو پاڕانەوە گەیشت، بەڵام گوێی پێنەدا، یەکەمجار گوللەیەکی تەقاند و لە نێو چاوانیدا، لەگەڵ گوللەکە پشتاو پشت کەوتە سەر زەوی ، سیسەمەکەی پڕ خوێن کرد، چەند ساتێك هەناسەی دا، ئەوجا قەفەسەی سینگی لە هەڵبەز و دابەز کەوت(رەحمان) زانی مرد.

(رەحمان) لەو خەیاڵانە بوو کە پۆلیسەکەی تەنیشتی کە لایەکی کەلەپچەکەی رەحمانی لە دەست بوو، بە(رەحمان)ی گوت: ئەرێ ماڵت خراپ نەبێ یاخوا، ئەوە تۆ کەڕی یان خەوتووی ئۆتۆمبیل راوەستاوە، بەندییەکان هەموو هاتنە خوارەوە. (شێرزاد)ی رێپێدراو بانگی کردی، بەخۆم بانگم کردی، هەر هۆشت لەخۆ نییە! هەستە دەی ئەوە حەوشەی بەندیخانەیە، وەرە خوارێ و بڕۆوە ژووری، ئەوجا ئەوەندە داڵغە لێبدە، هەتا دەتوانی. (رەحمان)یان هێنایە خوارێ و بردیانەوە هۆڵەکەی خۆی بۆ ئەوەی رۆژی دواتر ببیەنە هۆڵی حوکمە قورسەکان. پۆلیسەکەی بەر دەرگا زانی چەند ساڵ حوکم درایە(رەحمان) یەکسەر چووە سەر جێگەکەی خۆی قسەی لەگەڵ کەس نەکرد، کەسیش نەچووە لای، لەسەر جێگەی خۆی لێی ڕاکێشا، ئەوەندە شەکەت و هیلاك دیار بوو، دەتگوت هەفتەیەکە نەخەوتووە، هەر کە درێژ بوو چاوی لێکنا و خەوت.

### لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# ژنێک چۆن رازی بـ



پارێزەرێکی هاوڕێم بۆی گێڕامەوە، رۆژێك پیاوێك چۆتە نووسینگەکەی و پێیگوتووە کە دەیەوێ بیکاتە پارێزەری خۆی بۆ ئەوەی هاوکاری بکات کە ژنی دووەم بێنێ، ئەویش پێی گوتووە باشە کە ژنت هەیە، ژنی دووەمت بۆ چییە، پیاوەکەش پێی گوتووە ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە. تەنیا داوا لە تۆ دەکەم لە هێنانی ژنی دووەمدا هاوکارم بە... با لە زمانی پارێزەرەکەوە بابەتەکە بزانین. تێبگەین دەردی کابرا چی بووە و مەسەلەکە دواتر بە کوێ گەیشتووە، پارێزەرەکە بەمجۆرە باسی ئەو پیاوەی بۆ کردین و گوتی:

پاشنیۆەڕۆ بوو، پیاوێکی تەمەن سی و پێنج ساڵە هاتە نووسینگەکەم و داوای لێکردم کە ببمە بریکاری بۆ ئەوەی بتوانێ ژنی دووەم بێنێ. منیش پێمگوت ئایا ژنی یەکەمی رازییە، ئایا قەت نەچۆتە دادگا، ئەویش گوتی: ئەوە چوار پێنج مانگە هەوڵ دەدەم و بۆم ناکرێت، ئەگەر پێمبکرابایە ئەدی بۆ دەهاتمە لای جەنابت، گوتم: باشە بەڵام کە بەخۆت دەڵێی ژنی یەکەمم رازییە بۆچی نایهێنیتە ئێرە، بزانم چ دەڵێ: گوتی: باشە بەیانی دەیهێنم ، بۆ بەیانی کە هێنای، ژنە ماشەڵڵا جوان و جاحێڵ بوو، چەند ساڵێکیش لە کابرا بچووکتر بوو، گوتم: تۆ رازی ئەو پیاوەت ژنی دووەم بێنێ ؟ گوتی: بەڵێ: بەڕاستی سەرم سوڕما، ئاخر ئافرەت لە پیاوەکەت جوانتری، لە پیاوەکەت جاحێڵتر و بەرچاوتر و بەردڵتری، بڵێی بۆچی

# ـــوو مێردەکەی ژنی بەسەر بێنێ!!

رازی بێ؟ گوتم: باشە پێم بڵێ کێشەی نێوان تۆ و پیاوەکەت چییە؟ چ شتێك وایلێدەکات ژنی دووەم بێنێ؟ بۆچی گەیشتۆتە ئەو بڕوایە و وەها مکوڕیشە لەسەری؟، پێمخۆشە بە وردی و درێژی پەیوەندی خۆت و پیاوەکەت باس بکەی، چ عەیبیشی تێدانییە و من وەکو برایەکی خۆت حساب بکە. بەڕاستی ژنە زۆر بەحەیاو شەرمیش بوو، زۆرم هەوڵ لەگەڵیدا ئەوجا رازی بوو، باسی ئەوە بکات کە بۆچی پیاوەکەی بەنیازە ژنێکی دیکەی بەسەر بێنێ. ژنە گوتی: خوا دەزانێ نەك ژنێك دووانیش بێنێ رێی لێناگرم، چی لێبکەم ئەوە گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی. هەرچەندە مرۆڤ لەو بارودۆخەدا ماڵێکی پێ بەخێوناکرێت، ئەوجا دوو ماڵ! خۆ دەبێ سەر لە نوێ ماڵێکی تریش دابنێتەوە و خەرجی ماڵێکی تریش بکێشێ. کێشەکە ئەوەیە من ژن بەژنیم پێکراوە، براکەم خوشکی مێردەکەمی تەڵاق داوە. ئەوان ناکۆك بوون لەگەڵ یەك و پێکەوە ئیدارەیان نەدەکرد، بەڵام ئێمە چ کێشەمان نەبوو، براکەم هاتە لایان و گوتی: من لەگەڵ کچەکەتان ناگونجێم و دەمەوێ دەستمان لەیەك بەربێت، پاش مشتومڕ و بینە و بەردەیەکی زۆر گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە براکەم ئەو تەڵاق بدات و ئەویش لە مارەیی پاشەکییەکەی خۆش بێ. بەو مەرجەی ئەو زێڕ و ئالتوونانەی کە بۆی کڕیووە لەگەڵ خۆی ببات. براکەشم رازی بوو، ئینجا براکەشم گوتی: منیش یەك مەرجم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خوشکم هیچ پەیوەندیی بەو ناکۆکییەی ئێمەوە نییە، گوتیان باشە. ئەوەبوو کە تەڵاقی دا، پاشان لەگەڵ من کردیانە ململانێ، خەڵکانی بەدکار هاتنە ناو مەسەلەکە و کردیانە پسکە پسك و قسە هێنان و بردن.

سەرەتا مێردم رازی نەبوو تۆڵەی تەڵاقدانی خوشکی لەمن بکاتەوە، دەیگوت: خوشکم لەگەڵ مێردی خۆی نەگونجا، ژیانی خۆی هەبوو، چ پەیوەندییەکی بە ژیانی منەوە هەیە، پاشان دایکی هاتە ناو باسەکە و بە فیتی ئەملا و ئەولا هاندرا و ئەویش گوتی: یا دەبێ ئەوانیش کچیان تەڵاق بدرێ یانیش دەبێ ژنی بەسەر بێت، پاش ململانێیەکی زۆر مێردەکەم هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ژنێکی دیکەم بەسەر بێنێ و دڵی دایکی رازی بکات. بەخۆی لە دڵەوە رازی نییە ژنی دووەمی بێنێ، بەڵام لەبەر زەختی دایکی نازانێ چ بکات. ئەوجا کە مێردەکەم هەنجەتی خەرجی ژنهێنان و نەخت و ئەو شتانە هاتە گۆڕێ، دایکی کچە خوشکێکی خۆی بۆ رێکخست و ئەوانیش گوتیان ئێمە دینارێکشمان ناوێت. ئەو هەنجەتەشیان بڕی، جارێ دەبێ پێش هەموو شتێ ژنی یەکەمی بێتە دادگا و رەزامەندی خۆی نیشان بدات، منیش چوومە دادگا و بە (قازی)م گوت: رازیمە، گوتی: بۆ رازی ؟

گوتم: چونکە ئەو بەنیازی ژنێکی دیکەیە، ئەوجا چی لێبکەم، باشە بەخۆی دەزانێ کە من هیچ کەمتەرخەمییەکم لە ئاستیدا نییە و هیچ عەیبێکم نییە. رازی بم یان نا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. لەو بپرسن بۆ ژنی دووەم دێنێ، (قازی) دادگا کە گوێی لە قسەکانم بوو یەکسەر داوای مێردەکەمی رەتکردەوە، زۆر هەوڵ و کۆششی دیکەی لێرە و لەوێ دا، هیچی بە هیچ نەکرد. گرنگ ئەوە بوو بە هەر جۆرێك بایە دایکی رازی کردبایە، دەشبوو خانووی بەناو بایە، کەچی خانووی بەناو نەبوو، بەناوی دایکی بوو، دایکی رازی بوو خانووەکەی خۆی بەناوی مێردەکەم بکات، تەنیا بۆ ئەوەی قسەی خۆی بباتە سەر. جا ئێستاش مێردەکەم هەر چۆنێك بێت هەر هیچ نا لەبەر ئەوەی خانوویەکی بەناو بکرێ، مەرجی دایکی دێنێتەدی، ئەوە هەموو مەسەلەکەیە. ژنەکە کە قسەکانی بەو شێوەیە گێڕایەوە بەڕاستی دڵم پێی سووتا. تۆ وەرە، ژن ئەوەندە بەحەیا و ئابڕوبێت، مێردت ئەو زوڵمەت لێدەکات کەچی هەر قبوڵی دەکەی؟! قوربانی بەخۆت بدەی بۆ مێردێکی وا. گوتم: من هەوڵ لەگەڵ مێردەکەت دەدەم، بەڵکو پەشیمانی بکەمەوە، بانگی مێردەکەیم کرد و گوتم وەرە دانیشە با دوو قسە بەیەکەوە بکەین، گوتی: فەرموو. گوتم: کاکی برا، راستە ژنت رازی بوو، راستە خانوویەکشت هەیە، بەڵام بەپێی یاسای ئێستا بەخودای بەو دوو مەرجەت، قەت ناتوانی ژنی دووەم بێنی، باشە تۆ کە ئەم ژنەت هیچ خەوشێکی نییە، جوان و جاحێڵە، بە حەحیا و بە ناموسە، رێزت دەگرێ، خزمەتت دەکات، بەوپەڕی دڵسۆزی و رێکەوپێکییەوە، ئیدی بۆ ئەو زوڵمەی لێدەکەی؟ بەپێی یاساش، تۆ هیچ بڕو بیانوو پاساوێکی شەرعی و یاساییت نییە. کەوایە بۆت نییە و مافت نییە ژنێکی دیکە بێنێ، وا باشترە رێزی ئەم ژنەت بگری و ئەو ژیانەی هەتانە رێزی لێبگرن و لە ژێر سایەی دا ئیدارە بکەن و بەخۆشی و کامەرانی بحەسێنەوە. دایکت هەموو مەبەستەکەی دامرکاندنەوەی هەڵچوون و رق و کینە و غەزەبی دەروونییەتی، کە دامرکایەوە، رەنگە هەر ئەو دایکەت بەخۆی قەرزدارت بکاتەوە و بڵێ بۆ بەگوێی منت کرد. خۆ منداڵ نەبووی، عەقڵ و هۆشت نەبوو بەخۆشت بیربکەیەوە و لە مەسەلەکە بگەی؟ ئەوسا هەر خۆت مایەپووچ دەمێنیتەوە، وا باشترە لەو بڕیارەت پاشگەز بیتەوە و خۆشت مەکە دیلی رق و کینەکانی دایکت. نزیکەی کاتژمێرێك زیاتر هەوڵم لەگەڵی دا، ئەوسا قەناعەتێکی تەواوم پێهێنا کە دەستبەرداری هێنانی ژنی دووەم بێت، کە قەناعەتی تەواوی پێهات سوێندی لە پێشم خوارد کە جارێکی تر هەوڵی بۆ نەداتەوە، ئەو بیرۆکەیە لە مێشکی خۆی هەر بە یەکجارەکی وەلاوە بنێت. هەر لەوێ داوای گەردن ئازادی لە ژنەکەی کرد و ئەویش بە دڵێکی خۆش و روویەکی خۆشتر و گەشاوەتر گەردنی خۆش و ئازادکرد و زۆریش مەمنوونی من بوون کەوامکرد هەردووکیان بگەڕێنەوە ئامێزی یەکتر و نەهێڵم پیاوەکە ئەو هەڵەیە بکات، ئەوجا هەردووکیان بە دڵێکی خۆش و دەم بە پێکەنین دەستی یەکیان گرت و رۆیشتن.

سەرەتا مێردم رازی نەبوو تۆڵەی تەڵاقدانی خوشکی لەمن بکاتەوە، دەیگوت: خوشکم لەگەڵ مێردی خۆی نەگونجا، ژیانی خۆی هەبوو، چ پەیوەندییەکی بە ژیانی منەوە هەیە

# کێشەیەکی ساختەکاری لەبەردەم دادوەردا



## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

کاتێــك نانیان خــوارد، (مــام مەغدید) بــە (ســوڵتانە)ی ژنی گوت، مـــن دەچمە هەیوانێ، چایەکەم بە (نەشـــمیل)دا بۆ بنێرە. (نەشمیل) چایەکەی بۆ برد(مام مەغدید) بە (نەشمیل)ی گوت، کچم ئەوە چ بووە(بژار) نەهاتەوە؟ ئەویش گوتـــی: وەڵڵا نازانم. لەو قســانەدا بوون(بژار) بە هەناســـە برِکێوە بە ژوورکەوت. باوکی گوتی، ئەوە چییە، پشووت بۆ وا ســـوارە ، دەڵێی غارت داوە!(بژار) یش وەڵامیدایـــەوە و گوتی: بەڵێ بابە غارم داوە، لەوێندەرێ (ئەســـعەد) رێك و رەوان گوتی: کرێی چی و حاڵی چـــی، رەز رەزی خۆمە و من چیدی بە کرێـــم نەگرتووە و بۆتە هی خۆم، چۆن بۆتە هی خۆت، خۆ ئێمە رەزمان نەفرۆشـــتۆتە تـــۆ..؟ بووە مشـــتومرِمان و خەریکبوو لێکیش بدەین.

(مام مەغدید) بەو قسانە سەری سورِما! پاشان(بژار) دانیشت و بە شێنەیی باسەکەی بۆ باوکی گێرِایەوە و گەیشـــتنە ئەو برِیارەی بەیانی بچن سەرو سۆراغی مەسەلەکە بکەن و بزانن چ روویداوە.

ئەو شـــەوە (مام مەغدید) لـــە خەفەتان خەوی لێنەکەوت، ســـەد خەیـــاڵ و داڵغە و فیکری بەمێشـــکی دادەهات و قەت باوەرِی نەکرد شتێکی وا روویدابێ! باشە خۆ هێشتاش قۆچانی ئەو موڵکەی لەلای خۆیەتی و هەر بەناوی خۆیەتی.

باشـــە (ئەســـعەد) چۆن وێراویەتی ئەو ناماقوڵییە بکات و ئەو موڵکە بەناوی خۆیەوە بکات..؟ لە هەر لایەکـــەوە لێکی دەدایەوە و هەڵیدەسەنگاند نەدەگەیشتە ئەنجامێکی دڵ رازیکەر. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: باشـــە ئەوە نزیکەی یانزە ساڵە، ئەو رەزەی بەکرێ داوەتێ و ئەوەندە بە جوانی خزمەتی دەکات نەبێتەوە، هەتا شـــەش مانگی رابردووش کرێی خۆی هێناوە و هەر جارەش لە ترێ و خۆخ و هەنجیر دەگری هەتا هەنار و قەیسی، جاری وابووە بە سندوقی بۆ هێناون.

ئەوە بڵێی لەبەر ئەوەیە کە بەرووبوومی ئەو جارەی وا کەم بوو، مەزانە کاکم شتێکی وای لەبن سەریدابووە. کیســـە تووتنەکەی دەرهێنا و جغارەیەکی دایگیرســـاند، هەر مژێکی کە لێیدەدا بە قەت سێ مژە دووکەڵی ئاسایی بوو! بە داخ و کەســـەرەوە ، پرِ بە هەناسەی مژی لە جغارەکـــەی دەدا و دووکەڵەکەی هەتا ناو سییەکانی هەڵدەمژی. داڵغەی بۆ ئەو رۆژانە چوو، کە(ئەسعەد) لەگەڵ (حاجی باپیر)ی کۆنـــە برادەری هاتنـــە لای و ئەو رۆژانەی وەکو فیلمێکی ســـینەمایی هاتـــەوە یاد، کە (حاجی باپیر) پێی دەگوت( مەغدید) بەخۆت دەزانی، دراوســـێییەتی و ناسیاوەتی دێرینەیە و چەند چاکەمان لەســـەر یەك هەیە. ئەویش پێی گوت: (باپیر) پێی ناوێ شـــێر و رێویانم بۆ بێنیـــەوە. چ داواکارییەکت هەیە پێمبڵێ، پێم هەڵبســـورِێ بە چاوان دەیکەم(باپیر) یش گوتی: ئەو کورِە ناوی(ئەسعەد)ەو، ژنەکەی خزمی دایکی منداڵانە، ماوەیەکی زۆر لە رەز و بێستانەکانی ئێمە ئیشی کردووە و رەزەوانێکی تا بڵێی لێزان و ئیشکەرە، بەخۆشت دەزانی رەز و بێستانەکانمان فرۆشتووە. ئەوجا حەزدەکەم ئەگـــەر رەزەوانتـــان دەوێ، با ئـــەو ئیدارەی رەزەکەتان بۆ بکات و ئەو دوو چاوە هۆدەیەی ناو رەز و بێستانەکەشتان ئاوەدان بکاتەوە و لێی دابنیشـــێ.(مەغدید) بیرۆکەکەی بەدڵ بوو، گوتی: با هەر لە ســـبەینێوە، بچێتە ناو رەز و خۆی تێدا قایم بکات و ماڵ و منداڵیشـــی بباتـــە ناو ئـــەو دوو چاوە هـــۆدە و ئاوەدانی بکاتەوە، بەو مەرجەش، بەروبوومی رەزی، لە سێ بەشان، یەك بەشی دەدەمێ. ئەگەر حاڵ و باریشـــی باش بوو با بەکرێـــی لێم بگرێ و شـــەش مانگ جارێك کرێی لێوەردەگرم و رەز و بێستانیش هەر هی خۆمە.(ئەسعەد)یش گوتی: خوا بکەم من لەوێ ســـتر بم، بەخودا بەو جۆرەی تۆ پێت خۆشـــە وا دەکەم، بەکرێ بـــێ، یان بە بەرووبووم بـــێ. (مام مەغدید) لەو خەیاڵاتانە بوو کە گوێی لە بانگی مەلا بوو، تەماشـــەیەکی کاتژمێرەکەی دەســـتی کرد، دیتـــی کاتژمێر لە چواری بەیانی لای داوە، ئەوجا زانی شـــە و چ وەختە، هەستا و دەســـتنوێژی هەڵگرتەوە و خەریکی نوێژکردن بوو، کە بەرماڵەکەی هەڵگرت و چۆوە ســـەر جێگاکەی خۆی و پاڵی دایەوە و بە خۆشـــی نەیزانی چۆن چاوی چـــووە خەو، بەیانی بە دەنگی (بژار)ی کورِی بە ئاگا هات.

### شکایەت کردن

(بژار) کە بە ئاگای هێنا، پێی گوت: بابە ئەوە چۆنە کاتژمێر هەشــت و نیوی بەیانییە هێشــتا هەر خەوتووی، هەســتە دەبێ بچینە لای پارێزەرێکی شارەزا و بزانین ئەو نەگریسە ئەو رەز و بێســتانەی چۆن بــە ناوی خۆیەوە کــردووە، جلوبەرگی خۆی گــۆڕی و چونە لای پارێزەرێکی ناســیاویان، مەســەلەکەیان بە تەواوەتــی تێگەیاند، هەرچــی قۆچان و بەڵگەیەکیشــیان هەبوو دایانە دەستی. ئەویش گوتی: سەبرێکم لێبگرن یەك دوو رۆژی دیکە ئاگادارتــان دەکەمــەوە، دوو رۆژی پێنەچوو پارێزەرەکــە تەلەفۆنی بۆ کردن کە بچنە لای، کە چوونە لای پێی گوتن:

موڵکەکەتان بەنای (ئەسعەد) ناوێکەوە کراوە، گوایــە ئێوە چەند جارێــك پێراگەیاندنتان بۆ دەرچووە، بەڵام شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیار بووە و لە رۆژنامەی رۆژانەشدا بڵاوکراوەتەوە، ئاگاداربــن داواتان لەســەر تۆمارکراوە، بەڵام ئێــوە هەر نەچوونەتــە دادگا و دیار نەبوونە، گوایە ئەو (ئەســعەد) ناوە موڵکەکەی لە ئێوە کڕیووە و ئێــوەش لاری دەکەن لە بەناوکردنی، بۆیە دوای شەش حەوت مانگێك و لە رۆژنامە بڵاوکردنــەوە و دادگا و دادگاکاری، گوایە لە تۆی کڕیووە و تۆش لاریت کردووە لە بەناوکردنی و شوێنی نیشتەجێ بوونیشت نادیارە. هەرچی کردوویەتیشــی هەمووی بە گوێرەی یاسای کردووە. ئەمجا ئێســتاکە تــۆش وا دەڵێی من نازانم بڵێم چی، ئەگەر نەتفرۆشتووە، دەتوانی بچییە دادگا و شــکایەتی لێبکەی و بڵێی بە فێڵ ئەو موڵکەمی بەناوی خۆی کردووە.

(مــام مەغدیــد) ســەری هێنــاو برد و گوتــی: وەرە بزانە مرۆڤــی ئەوها بێویژدان و تەماحکاریــش لەو دنیایەدا هەیــە، کابرا تۆ ئەوەندە ســفڵەبیت، چیت نەبــوو، نانت نەبوو، کاروکاسبیت نەبوو، هەمووم بۆ دەستەبەرکردی و لەو وەزعە ناخۆشەم دەرهێنای و لەبن ساباتی من حەوایەوە و بەرووبوومی رەزە و بێســتانی منت خوارد، باشە چ خراپییەکم هەبوو تا وامان لەگەڵ بکەی.

رووی لە پارێزەرەکــە کرد و گوتی: کاکی خۆم بەیانی بریکارنامەکت بۆ دەکەم و دەتکەمە وەکیلی خۆم، بەخۆشم دەچم شکایەتی لێدەکەم هەتا موڵکی خــۆم وەرنەگرمەوە و لە کونجی زیندانی نەپەستم وازی لێناهێنم.

نیوەڕۆکــە هاتنەوە(ســوڵتانە)ی خێزانی لێپرسی:

ها(مەغدیــد) چبوو، چت کــرد؟ ئەویش وەڵامــی دایــەوە و گوتی: چم کــرد!! کاکم رەزەکەش و بێستانەکەشــی بەنــاوی خۆیەوە کردووە، ئێمەش لە گوێی گا نووستووین، هەر لەبەر هەندێش بوو، بەو ئاخیرییە لموزی لێمان خواربوو، نیوەی جارانی بەرووبووم بۆ دەهێناین و لێشمان لالووت بوو.

بەم دواییە زۆر لە رەفتار و هەڵسووکەوتەکانی پەســت ببووم، خەریکبوو بڕیار بدەم دەریبکەم، من چوزانم ئەو لەبنەوە ئیشــی خۆی کردووە، لە سبەینێ زووترنییە دەچم شکایەتی لێدەکەم و هەتــا بە گرتنــی نــەدەم وازی لێناهێنم، بەیانی(مام مەغدید) چووە بنکەی پۆلیس و شکایەتی لە (ئەسعەد) کرد، کێشە دوو هەفتەی خایاند و لە پڕ دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی دا، سەرەتا(ئەســعەد) نکۆڵی دەکرد کە هیچ شــتێکی بە نایاســایی کردبێت، بــەڵام کە بەڵگەکانی رووبەڕوو دەکرانەوە بێ دەنگ و بێ هەڵوێست دەبوو، شتێکی وای پێنەبوو، داکۆکی پێی لەخۆی بکات، بۆیە لەگەڵ مانەوەی ناو بەندیخانــە و زۆربوونی بەڵگەش لەســەری، ناچار وەرەی بەردا و دانی بە هەموو شــتێکەوە نــا و چیرۆکی تەماح و چاوتێبڕینی لە رەز و بێستانی مام(مەغدید) بەمشێوەیە بۆ لێکۆڵەر باس کرد و گوتی: کــە چوومە ناو رەزەکە و ماڵم بردە ئەوێ(مەغدید) هەموو هاوکارییەکی کردم، جێگە و رێگەم نەبوو، مانەوەم لەو شوێنە پەناگەیەکی باش بوو، ســاڵانێکی زۆر تێیدا مامەوە و کارم تێداکــرد، هەم بۆمن و هەم بۆ ماڵی(مــام مەغدید) خێروبێرێکی باش هەبوو، پێــی بەڕێوەدەچوویــن وگوزەرانمان پێی دابین دەکرد، لای خەڵکی خۆم هەڵدەکێشا و دەمگوت رەزم هەیە و لە فڵانە شــوێنە و ئەوەندە دۆنمە، ماوەیەکــی زۆری پێچوو، رەز و بێســتانەکەم بەڕێوە دەبــرد، خەڵکێکی زۆر وایاندەزانی هەر بەراســتی هی خۆمە ، رۆژێك کابرایەك هات و گوتی ئەگەر رەزەکەت دەفرۆشــی من لێت دەکڕم، گوتم: دەیفرۆشم بەڵام قۆچانی بەناوی من نییە و نازانم ژمــارەی زەوییەکەش چەندە گوتی: ئاســانە من هاوکاریــت دەکەم، بەو مەرجەی کە بەناوت بوو بیفرۆشییە من، منیش بەڵێنم پێدا کە ئەگەر یارمەتیم بدات، بەناوی من بێت، بفرۆشمە ئەو، لەو نرخەش خاتری بگرم، ئەویش کابرایەکی پێناســاندم و شــارەزاییەکی باشــی لە چۆنییەتی کڕین و فرۆشتنی زەوی و زار هەبــوو، گوتی ئــەوە دەتوانی کارەکەت بــۆ جێبەجێ بکات بەو مەرجەی بڕە پارەیەکی بدەیتێ، منیش بەڕاســتی تەماح بەری چاوی گرتم و چاوپۆشــیم لە هەموو چاکەیەکی(مام مەغدیــد) کرد و شــەیتان ســواری ملم بوو، کارەکــەم لەگەڵ کابــرا ئەنجــام دا. ئەوەبوو ئیشــەکەمان بەنهێنی کرد و تاتەواو بوو. پاش تەواوبوونی بە ماوەیەك ئەوجا (مام مەغدید) بە ئیشەکەی زانی، ئێستاش دان بە نییەت ناپاکی خۆم و تاوانەکەم دەنێم.

### گەڕاندنەوەی موڵکەکە

بەمجۆرە(ئەسعەد) دانی بە کارە دزێوەکەی خــۆی نــا، بەناوکردنی موڵکەکــە هەمووی هەڵوەشایەوە و موڵکییەتەکەی بۆ(مام مەغدید) گەڕێندرایــەوە، ئەویش بڕیــاری دا بەخۆی راســتەوخۆ سەرپەرشــتی موڵکەکەی خۆی بــکات و جارێکی تر کەمتەرخەمی وانەکات. (ئەسعەد) یش لە زینداندا مایەوە هەتا دادگا بڕیاری کۆتایی خۆی لەســەر تاوانەکەی دا، کە بڕینەوەی دوو ساڵ زیندانی بوو، کە حوکم درا(مام مەغدید) بڕیاریدا لە زیندان سەردانی بــکات و دوو قســەی مســتەحەقی لەگەڵدا بکات کە لە رۆژی ســەردانی زیندانیان چووە بەندیخانە، چاوی گێڕا (ئەسعەد)ی نەدیت بە چاودێرێکی هۆڵــی بەندیخانەی گوت فڵانە کەســم بۆ بانگ بکە، کــە بانگیان کرد دڵی خۆش بوو، بــەڵام کە گوتیان وەرە ئەو مامەیە داوات دەکات و هاتۆتە ســەردانت، کە چاوی بە(مــام مەغدید) کەوت دەمــی بەش بۆوە و رەنگی زەرد هەڵگەڕا(مــام مەغدید) بانگی کرد و گوتی: وەرە وەرە، ســەرت سوڕنەمێنێ هاتووم دوو قســەت لەگەڵدا بکەم، کابرایەکی وەکو تۆ شایەنی ئەوەیە دە ساڵان حوکم بدرێ، بە زۆری زۆردارەکــی موڵکت لێ زەوت کردم و کردتــە هی خۆت، ئاخــر نەدەبوایە چاکەی منــت لەبەرچــاو بوایە، خۆ لــە چاکە زیاتر خراپەم لەگەڵت نەبــوو. دنیا بەس تەماح نییە کوڕم، چما سەریشم لەســەر دانابا، دەمهێشت وەها بە ســووك و سانایی موڵکەکەم لێ زەوت بکەی !؟.

ئێستاش ئەوە چەند مانگێکە لێرە بەندکراوی و دوو ساڵیشت بۆ بڕاوەتەوە، دڵم پێت دەسووتێ و پێم گوناهە ئــەو ژنەت، بێ جێ و رێ بێ پیــاو بمێنێتەوە و ویژدانم قبوڵ ناکات وا رەزیل بێت، لەبەر ئەو شتانەو و لە رێگای خوادا، هاتم پێت بڵێم کە بڕیارم داوە سبەینێ عەرز و حاڵێك بنووســم و بیدەمە دادگا کە من لێتخۆش دەبم، بەڵکــو دادگاش داوایەکەم قبوڵ بکات و زووتر لە بەندیخانە بێیتە دەرێ.

کە(مام مەغدید) ئەو قسانەی کرد(ئەسعەد) رەنگ و رووی گۆڕا و گەلێك خۆشــحاڵی و کەیف خۆشی پێوە دیار بوو.

ویستی قســە بکات، بەڵام (مام مەغدید) پێی گوت :

بێدەنگ بە نامەوێ گوێم لە هیچ قسەیەکت بێت، بۆ ئەوە نەهاتووم قســەت لەگەڵ بکەم و بڵێــی مەمنوونتم، من لەبــەر خاتری تۆ ئەو شتە ناکەم.

(ئەسعەد)
دانی بە کارە
دزێوەکەی خۆی
نا، بەناوکردنی
موڵکەکە هەمووی
هەڵوەشایەوە و
موڵکییەتەکەی
بۆ(مام مەغدید)
گەڕێندرایەوە

بەم دواییە زۆر
لە رەفتار و
هەڵسوکەوتەکانی
پەست ببووم،
خەریکبوو بڕیار
بدەم دەریبکەم،
من چوزانم ئەو
لەبنەوە ئیشی
خۆی کردووە



# براکان بۆ بەشەڕ دەهاتن ؟

دوو سێ ساڵێك دەبوو، (حاجی كەمال) خێزانە بەساڵداچووەكەی نەخۆشییەكی كوشندەی گرتبوو، بەردەوام دەیبردە لای دكتۆر و نەخۆشخانان، دەیزانی دەردەكەی گرانە و ئومێدی چاكبوونەوەی لێناكرێت، بەڵام هەمیشە داوای لە پزیشكەكان دەكرد و دەیگوت: تو خوا دكتۆر مەهێڵن بەو دەردەوە بناڵێنێ و ئازار بكێشێ، لەگەڵ دەرمان و چارەسەرییەكانی دەرزی ئازاریشی لێبدەن.. لە نێو كوڕەكانیشدا تاكە كوڕێكی كە هەمیشە یاوەریان بوو(ئومێد)ی كوڕە بچووكی بوو، (ئومێد) كە جارێ دایكی نەمردبوو، هەم دایكی و هەم باوكیشی زۆریان حەز دەكرد ژنی بۆ بێنن، كەچی ئەو هەر تەنیا یەك وەڵامی هەبوو، دەیگوت: دایە ژنی چی بێنم، تۆ بەم حاڵەوەی و نەخۆشی پرژەی لێبڕیوی. زۆریان هەوڵ لەگەڵ دەدا كەچی (ئومێد) هەر نەیدەسەلماند.(ئومێد) وەكو پەروانە لە دەوری ئەو دایكەیدا دەسوڕایەوە. هەمیشە لە دیاری بوو، ئەو ڕۆژانەی كە لە نەخۆشخانە دەیانخەواند، زۆر شەو هەبوو تا بەیانی نەدەخەوت، تاكە خەمڕەوێنی (حاجی كەمال) لە نێو كوڕەكانی هەر(ئومێد)بوو. (حاجی كەمال) كچی نەبوو جگە لە (ئومێد) سێ كوڕی دیكەشی هەبوون، بەڵام كوڕەكانی دیكەی ئەگەرچی دایكیان بەو حاڵەشەوە بوو كەچی هەر هەفتەی جارێك دەهاتن سەریان لێدەدا، قسەی هەمیشەیشیان ئەوەبوو: ئەدی ئەوە نییە(ئومێد) خزمەتی دەكات، بەڵام ئاخیرییەكەی نەخۆشی زەفەر بە دایكیان دەبات و پێوەی دەمرێت. (حاجی كەمال) جگە لە (ئومێد) بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە، لەبەر هەندێ زۆر هەوڵ دەدا كە(ئومێد) ژن بێنێ.(ئومێد) كە دایكی دەمرێت لە قۆناخی سێیەمی كۆلیژدا دەبێت. (حاجی كەمال) دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوو بوو، خودا موڵك و ماڵێكی باشی دابوویە، لە خانوو، زەوی و ئۆتۆمبیل و كارگەیەكی مامناوەندی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزی نەدەكرد جارێكی دیكە ژن بێنێتەوە. بیری لەوە دەكردەوە كوڕەكانی دیكەی هەتا ژنی بۆ هێنان و پارە و ماڵی دانی بە دەورییەوە بوون، بەڵام كە خۆیان دامەزراند پشتیان لە باوكیان كرد، دەشیزانی بێ وەفا و تەماحكارن، ڕەنگە بەیانی غەدریشی لێبكەن و سەرگەردانی بكەن. شەوێك كە پێكەوە لە ماڵەوە دانیشتبوون، نەخشەی خۆی دانابوو. ڕووی لە (ئومێد)ی كوڕی كرد و گوتی: (ئومێد) كوڕم دەمەوێ هەندێ قسەت لەگەڵ بكەم، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بەرهەڵستیم نەكەی و دەمەوێ لە قسەم دەرنەچی. لێرەوە با لێبگەڕێین ئیدی (ئومێد) بەخۆی قسەكانی باوكی بگێڕێتەوە و بزانین ئەو شەوە چی پێگوتووە. (ئومێد)یش بەمشێوەیە گفتوگۆی ئەو شەوەی نێوان خۆی و باوكیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: چەند ڕۆژێك بوو باوكم هەر لە فكراندا ڕادەما، پێموابوو كە لە قسەكانی (دڵشاد)ی برا گەورەكەم قەڵس بوو‌بێت كە گوتبووی: ئەرێ بابە ئەو ماڵەتان بۆ چییە، خانووەكان بفرۆشە و بە پارەكەی خانوویەكی بچووكی پێبكڕە و بە خۆت و بە(ئومێد) لە ناوی دابنیشن، هەمان شت(هیوا و دلێر) یش بە ناڕاستەوخۆ گوتبوویانەوە. باوكم چاك لە مەبەستیان گەیشت بوو. تەنانەت ڕۆژێك(دڵشاد) پێیگوتم، (ئومێد) حساباتی كارگە چەندە و كێ مانگانە ڕێكیان دەخات، گوتم: باوكم ، ئیدی خۆی كڕ كرد. هەربۆیە كەوتبوومە ئەو بڕوایەی كە هەر ئەو قسە و پرسیارانە بوون، بابمی خستبووە ناو دەریای بیركردنەوە. ئینجا بانگی كردم و پێیگوتم: كوڕم تۆ ئەمساڵ زانكۆ تەواو دەكەی و هەر چەند مانگێكی كەمت ماوە، حەز دەكەم ئەگەر پێتخۆش بێت و دڵت لەسەر بێ (هێرۆ)ی كچە مامت بخوازی، بەخۆت دەزانی وا ئەمساڵ كۆلیژی تەواوكرد، ماشەڵڵای لێ بێت و ڕووی سپی بێت، تا بڵێی جوان و شۆخە، باوكی برا بچووكی خۆمە و زۆر زۆریش لێی ڕازیمە، ئەوەندەی مامۆژنت و(هێرۆ) و كچەكانی دیكەی لە گەڵمان بوون، بەخۆت باش دەزانی براكانت و ژنەكانیان چارەگی ئەوەندەشیان لەگەڵ نەكردین. هەربۆیە حەز دەكەم، ئەگەر پێتخۆش بێت دەمەوێ داخوازی (هێرۆ)ت بۆ بكەم. ئەگەر هەردووكتان دڵتان بەیەكەوەیە، ئەوە ناوی خوای لێدێنین، ئەگەریش دڵتان بۆ یەك ناچێ كچێكی دیكەم بۆ دەستنیشان بكە، كە بە دڵی خۆت بێت و بچینە داخوازی.

لەسەر مەسەلەی (هێرۆ) زۆرمان قسە كرد و لەسەری ڕێككەوتین و بڕیاریشماندا هەر كە تاقیكردنەوەی كۆتاییم تەواو بكەم، دەست بە كارەكە بكەین، بەو مەرجەی پێشوەخت من بە خۆم قسەی لەگەڵ بكەم و بزانم ڕای ئەو چییە؟ كە باسی مەسەلەی ژنخوازیمان وەكو گفتوگۆ تەواو كرد، باوكم هاتە سەر مەسەلەیەكی دیكە و گوتی: كوڕم من براكانت چاك دەناسم و هەموویان ئەڵقە لە گوێی ژنەكانیانن و تەماح بەری چاوی گرتوون، لەبەر هەندێ من پارێزەرێكم گرتووە و



هەموو شتێکم لەگەڵی بڕاندۆتەوە  کە کارگەکە و خانوو و ئۆتۆمبیلەکە، چارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە. کارگەکە بە کڕین و فرۆشتن بەناوی مامتی دەکەم، پاش شەش مانگان ئەویش بەناوی تۆی بکاتەوە، خانووەکە و ئۆتۆمبیلەکەش هەر بە کڕین و فرۆشتن بەناوی مامت دەکەم، پاش شەش مانگان ئەویش بەناوی تۆ بکاتەوە. ئەوەی دەمێنێتێەوە ئەگەر مردم وەکو میرات با لە نێو خۆتاندا بەش بکرێت. هەر چەندی گوتم بابە ئەو شتانەم ناوێ و بەوە رازی نیم، باوکم گوێی لێنەگرتم و گوتی: بڕیاری خۆم داوە و لێی پەشیمان نیم و هیچ هەوڵێکیش مەدە. دیاربوو لە مەسەلەی (هێرۆ ) دڵنیابوو، بۆیە لەگەڵ (مامم) هەموو شتێکی بڕاندبۆوە و پێی گوتبوو، کوڕەکانم دەیانەوێ بە زیندوویەتی چاوان بمرێنن و بکەونە سەر کەلاکم و (ئومێد)یش فڕێدەنە سەرجادە. باوکم کارگەکەی بەناوی مامەوە کرد، خانووەکە و ئۆتۆمبیلەکەشی بەناوی کرد، ئەمە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت، ئیتر کە زانکۆم تەواوکرد، لەگەڵ مامم مەسەلەی کردەوە و بۆ ئەو مەبەستەش رایسپاردم لەگەڵ (هێرۆ ) قسە بکەم. من خوا خوام بوو، من و هێرۆ بەیەك بگەین( ئەوەبوو لەسەر هەموو شتێك رێککەوتین و پێمگوت: من لەگەڵ باوکم دادەنیشم، چونکە ئەو کەسی نییە و بەساڵیشدا چووە و نەخۆشیشی هەیە، لەبەر منیش ژنی نەهێنایەوە).

بۆیە من لەگەڵ باوکم دەمێنمەوە تا خوا تەمەن بدات. (هێرۆ ) نەك هەر رازی بوو، بەڵکو بە تەواوەتیش پشتی گرتم و گوتی: ئێمە هەردووکمان دادەمەزرێین و لەگەڵ باوکیشت دەمێنینەوە وەك ئەوەی باوکی خۆم بێت و چۆن خزمەتی باوکم دەکەم، ئاوا خزمەتی ئەویش دەکەم، ئەوەبوو دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە و گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ (هێرۆ ) چووینە داخوازی و (هێرۆ )م مارەم کرد و دوای مانگێك گواستمەوە.

## کۆچی دوایی باوك

(ئومێد) دوای ئەوەی ژنی هێنا ماوەی دوو سێ ساڵان بەو پەڕی خۆشییەوە ژیانیان بردە سەر و منداڵێکشیان بوو.(ئومێد) ئەو رۆژانە ئاوا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: باوکم زۆر دڵی بە منداڵە تازە بووەکەمان خۆش بوو، لەسەر داخوازی ئەو، کە کوڕ بوو، ناومان نا (باڵا ). باوکم کاریگەری مردنی دایکمی لەسەر کەمببۆوە و لەگەڵ ئێمە راهاتبوو، بەتایبەتیش(هێرۆ )  ئەو بۆشاییەی دایکمی بۆ پڕکردبۆوە و نەیدەهێشت لە هیچی کەم بێت.(باڵا ) ببووە هۆیەك بۆ ئەوەی خوی خۆی پێبدات، چەند ساڵێك بەو پەڕی خۆشی ژیانمان بەسەربرد، باوکم نەخۆشییەکی سووکی شەکرەی هەبوو، بەڵام لە پڕ تووشی هەوکردنی توندی پەنکریاس بوو، هەر ئەو هەوکردنە بوو لە ناو جێگای خست و دوای مانگ و نیوێك مرد، کە باوکم مرد دنیا لە پێش چاوم تاریك بوو، ژیانم لێ تاڵ بوو، تەواو خەفەتبار بووم. کەچی جارێ باوکم کفنی زەرد نەبوو، هەر سێ براکەم وەك ئەوەی بڵێی خۆیان بۆ خواردنی کەلاکێك ئامادەکردبێت، پاش هەفتەیەك لە مردنی باوکم هاتن و گوتیان با بزانین چی هەیە و چی نییە، هەر کەسە با بەشی خۆی ببات و ئێمە هەموومان هەقی خۆمانە و پێویستیمان پێیە. منیش مامم( واتە خەزوورم) لەم مەسەلەیە کردە حەکەم و دەمڕاستی خۆمان. پێشتر قەول وابوو، دوای  شەش مانگ لە بەناوکردنی کارگەکە بەناوی مامم ئینجا بەناوی من بکرێت، بەڵام باوکم پێیگوتبوو، نا جارێ راوەستە بەناوی(ئومێد)ی مەکە هەتا من بۆخۆم پێت دەڵێم، باوکم دوای دوو سێ مانگان لە بەناوکردنی کارگەکە، بەناوی مامم، لە ناو خەڵك و براکانیشم گوتبووی کە کارگەکەی بەناوی مامم کردووە و بەوی فرۆشتووە. ئەوەبوو ئەوکات هەندێ خۆیان نارەحەت کردبوو، باوکیشم پێیانی گوتبوو ئێوە چ هەقێکتان هەیە دەیفرۆشم یان نایفرۆشم. دەیفرۆشمە کێ یا نایفرۆشمە کێ! ماڵ ماڵی خۆمە و کەس هەقی بەسەرەوە نییە! لەبەر هەندێ بێدەنگەیان لێکرد. دوای مردنی باوکم کە مەسەلەی میرات هاتە گۆڕێ، کارگەکە لە میرات دابەشکردن دەرهێندرا، بەڵام کە مەسەلەی خانووەکە  و ئۆتۆمبیلەکەیان زانی ئیدی کردیانە هەڵڵا، گوتیان ئەوە هەمووی لەبن سەری مامی مامان دایە، هەر لە تەماحی ئەو موڵك و ماڵەش بووە کە کچەکەی خۆی داوەتە (ئومێد). مامم لەو قسانە زۆر پەست بوو، بەهەر حاڵ گوتیان دەبێ بەشمان لە هەموو ئەو شتانە بدرێتێ. بەمجۆرە قسەیەك لە ئێمە و یەکێکیش لەوان(دڵشاد )  و براکانی دیکەم پەلاماریان دام و بووە شەڕمان. پاشان تەلەفۆن بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کرا و ئەوان بۆ ماوەی بیست و چوار کاتژمێر راگیران و برانە بەندیخانە. پاشان بە کەفالەت ئازاد کران، بەڵام دیسان لەسەر قسەی خۆیان هەر سوور بوون و چوون پارێزەرێکیان گرت و گوایە من و مامم بە زۆر و بە فڕوفێڵ کارگەکە و خانوو و ئۆتۆمبیلەکەمان لەبن دەستی باوکم دەرهێناوە، دیسان بووە بە داوا و داواکاری لە دادگا. (مامم) گوتی: کوڕم بۆ ئەوەی زەفەرت پێنەبەن بەشیان بدەێ لە هەموو ئەوەی داوای دەکەن، منیش گوتم مامە، خۆ جارێ کفنی باوکم زەرد نەببوو، ئەوانە داوای میراتیان کرد. لە بیرتە بابم لەبەرچی ئەو کارەی کرد، دەیانویست بە زیندوویەتی بیخەنە کۆڵانان و موڵك و ماڵەکەی لە بن دەست دەربێنن و دەربەدەری بکەن. کە دایکم نەخۆش بوو هیچ سەردانێکیان نەکرد، بەڵام کە باوکیشم نەخۆش کەوت، کەسیان یەك شەویش لە نەخۆشخانە لەلای نەمانەوە و دینارێکیان لێی خەرج نەکرد، سەرەڕای هەندێش من هەر بڕیارم دابوو ئەو باسەیان لەگەڵدا بکەمەوە و هەقیان چەند بێ و چەندیان بە بەر بکەوێ بیاندەمێ. دەی مادام وایان کرد قەسەم بە خوا چاویان بە فلسێك لەو ماڵە ناکەوێ کە باوکم بەناوی کردین و لە میراتەکەی جیا کردنەوە. ئەوەبوو منیش پارێزەرێکم گرت و بۆ دادگامان روونکردەوە کە باوکم بەر لە مردنی بەیەك دوو  ساڵێك بە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن ئەو کارگەیەی بەناوی مامەوە کردووە و کارکەش دروستە و بەپێی یاسا کراوە. پاش بێنە و بردەی ئەوان، دادگا لە بەرژەوەندی ئێمە بڕیاریدا و داواکەیان دۆڕاند، موڵکەکانی دیش بەپێی بڕیاری دادگا دابەشکراو هەر کەسە و بەشی خۆی وەرگرت.

پاش بڕانەوەی کێشەکە(مامم) کارگەکەی بەناو کردم و منیش بانگیانم کردەوە و گوتم: وەرن بەشتان چەندە لەو کارگەیە بتاندەمێ و بە پارە لێتان دەکڕمەوە، ئەوەبوو نرخێکی گونجاومان داناو و بەشەکەیانم کڕیەوە و ویژدانی خۆم ئاسوودە کرد. ئەوانیش بەخۆیاندا چوونەوە و گوتیان ئێمە هەڵەبووین و  منیش گوتم:

تازە بەشی خۆتان وەرگرت لەم کارگەیە، بەشتان لە خانووەکە و ئۆتۆمبیلەکەش دەدەم، لەوانیش بەشم دان و بە یەکجارەکی بە ئاسوودەیی دانیشتم، هەرچەند داوای لێبوردنیان کرد و بەسەردانیش دەهاتنەوە لامان، بەڵام بەڕاستی دڵم لێیان شکابوو  بڕوام بە کەسیان نەبوو، بڕوام بەوە نەبوو ئەوانە برای راستەقینەم بن، بەڵکو برای بەرژەوەندی و ماڵ و سامانن، چونکە بە ئەزموون تاقیم کردبوونەوە، دەشمزانی لەسەر موڵك و ماڵی دنیایی نە تەنیا برا، بەڵکو خۆشیان ناناسن. لەبەر هەندێ هێندەی تۆزقاڵێکیش متمانەم پێیان نەبوو، بۆیە قەت دڵم پێیان خۆش نییە، بەڵام چبکەم ئەوان خوێن و گۆشت و کەسی منن و خوێن و گۆشتیش نابێتە ئاو.

**ئەوەبوو لەسەر هەموو شتێک رێککەوتین و پێمگوت: من لەگەڵ باوکم دادەنیشم، چونکە ئەو کەسی نییە و بە ساڵیشدا چووە و نەخۆشیشی هەیە، لەبەر منیش ژنی نەهێنایەوە**

**بەڕاستی دڵم لێیان شکابوو بڕوام بە کەسیان نەبوو، بڕوام بەوە نەبوو ئەوانە برای راستەقینەم بن، بەڵکو برای بەرژەوەندی و ماڵ و سامانن**